شیعر

# وێنە ڕەنگاوڕەنگەکان

سـورخـی

## بەیان

بەیان سێوێکە لە باخی شەو
لە بوولێڵێک
بە سەر خاکی سەوزی
چاوەکانمدا بەردەبێتەوە
بەیانی کە پێدەکەنی و چاوەکانت دەکەیتەوە
ئەو کات سیمای شەڕ
ماندوو دەبێ و خەو دەیباتەوە



## لیسا

شەوی پەمەیی
لە ڕوخساری لیسای دەکرد
بای دەستە سپییەکانی هەندرێن
یاری بە چڵە سەوزەکانی قژی دەکرد
باران دەباری
دڵۆپەکان منداڵی چاوڕەشی هاروهاجن

گوڵە سوورەکان تەڕ دەبوون
نەمامەکان یارییان دەکرد
تەم پێدەکەنی
مانگە شەویش
لە چاوەکانی لیسادا
بیبسی کۆلای دەخواردەوە

## تەمەن

چ زوو مردین
بە هەردووکمان
تەمەنی ساوایەکمان نەبوو
کاتێ دەسووتاین
هێندەی کۆرپەی گیانمان
دووکەڵی سپی دەچوو بۆ ئاسمان
هەورۆچکەیەکین نازەنین
ڕوو لە چاوی خۆر دەگرین
بە دەستە بچکۆلانەکانمان قژی زەوی ڕادەکێشین
پێ لە زگی ڕەشی خۆر دەنێین
لە ناو هەورۆچکەکاندا دەخەوین
دەبین بە کەرتە نانێک
ئەستێرەکان دەنووکمان تێ دەژەنن
ماسییە وردیلەکان خێرا و بە هەڵپە
دەمان خۆن
کاتێکیش بەردەبینەوە سەر زەوی
لەگەڵ تەرمی نێرگزێکدا دەمان نێژن

## چەند حاڵەتێکی گەواڵەکان

با گەواڵەیەکی هێنا
سەری مانگایەک بوو

به گوریسێکی درێژ ئادەمیزادەکان
بۆ لای خۆیان کێشیان دەکرد
مانگایەک لە گوانەکانی شیر دەچۆڕا

با گەواڵەیەکی هێنا
ئاسکێک بوو
بە تیرێکی سوور پێکرا بوو
گووانەکانیشی پڕ بوون لە شیر

با گەواڵەیەکی هێنا
پارچەیەک نان بوو
بە دەم سەگی ڕەشی شەوەوە
سەگێک کە نانەکەی دەخوارد
مڕەی دەهات
جارجاریش بە چاو وەفای بۆ مرۆڤەکان دەنواند

با گەواڵەیەکی هێنا
ماردین بوو
کەمانچەکەی دەژەنی
درەختەکانیش سەمایان دەکرد

گەواڵەیەک  با هێنای
زەردەخەنەی سەر لێوەکانی یولیا بوو
پێدەکەنی
دەهات و پێدەکەنی
تا بوو بە باران
داباری
هەر پێدەکەنی

# وێنە ڕەنگاوڕەنگەکان

پەڵە هەورەکان
فرمێسکی چاوی ئاسمانی منداڵن

شەو دەستە سپییەکانتی داپۆشی
خەوت لێ کەوت

بەختەوەری ماسییەکە
ڕۆژێ ڕاوکەر
ڕۆژێکیش مەل
ڕۆژێکی تریش نەهەنگێک قووتی دا

کات ئێسکێکی فڕێدراوە
شوێنیش سەگێکی دڕی نووستوو

نەخۆشم
مۆسیقا لیمۆیەکی ترشم بۆ سپی دەکات

من و ئاو هەموو ڕۆژێ یەکتر دەبینین
یان من دەچەمە ژێر بارانی
یان ئەو دێتە ناو زگی من

دوێنێ گەواڵەکان ڕاڕا بوون
باران
وێنەکەتی فڕێ دایە ناو ئاو

زەوی
چاوێکی کوێرە
لینجاوێکی سووری مەیلەو شین
بە سەر بیلبیلەکەیدا مەییوە

دارستان
سەری مەڕێکی سەربڕاوە
چۆلەکەکانیش تنۆکە خوێنن

ئێوارە
دوولاقی کابرایەکی زەبەلاحە
کۆترەکان بە نێوانیدا تێ دەپەڕن

ئەو ڕۆژە
کراسە سپییەکەتم لە شان نا
بۆ بەهەشتم برد

بەیان خانمی تەمەنم
لە گەرماوەکەدا خۆی دەشوا
چۆلەکەکانیش ئاوی جۆگەلەکە دەخۆنەوە

لە سێوێکدا
ددانەکانی پێشەوەتم بینی

تاریکایی
قالۆنچەیەک بوو لە ناو دەسکە کەرەوزێکدا دەگەڕا

ژیان



نینۆکی درێژی پەنجەی ئەو کوڕە بوو
کە ئەوێ ڕۆژێ بڕی و فڕێی دا

بزمارە سپییەکان
مەیلەو ڕەش بوون
هەموو سابوونە سپییەکان
لە تۆ دەچن یولیا

ڕووناکی دەستەسڕێکە
ئاوی چاوە کوێرەکەی زەوی پێ دەسترمەوە

## یولیا

ئاه خوایە
وەک نەرمەبایەکی هەستپێکراو
هەموو ڕاز و نهێنییەکانی
لە هەناسە و دەموچاوییەوە
بۆ لام دەهات
هەموو پەیڤە شاردراوەکەی ناخی
وەک توێژێکی سپی بە سیمایەوە بوو
نازانم دەموچاو بۆ ئەوەندە پیرۆزە

ئەو شەوەی لە ماڵ نەبووی
لە ناو جێگەکەت خەوتم
بەیانی کە لە خەو هەستام
سەرینەکەتم ماچ کرد
ئەو جێیەی کە هەموو شەوێک دەموچاوتی
لە سەر دادەنێی
ئەو شوێنەم وەک پشیلە بۆن کرد

سەیری ناو چاوەکانیم دەکرد

له خەتە قاوەییەکان ورد دەبوومەوە
چاوەکانم پڕ دەبوون لە ئاو
ئێستا بیر لەو ئازادییە دەکەمەوە
گریانم دێ
بە خۆم دەڵێم
چ شتێک گرنگترە لە سەیرکردنی چاوەکانی یولیا

لە سیمای سادەترین شت
شەڕ دەبینم
ئەم دەوروپشت و زەوییە سادە و جوان و نەرمە
هێندە بەستەزمانە
ئەگەر سەربازێکی ئامێریش هێرشی بۆ بێنێ داگیری دەکات

## ماردین

ئەمشەو
فریشتەی گیانە سپییەکەی ماردین
کەمانچە سوورەکەی دەژەنێ
ئەستێرەکانیش لێی نزیک دەبنەوە
ئاو لە کراسەکەی دەخۆنەوە
ماردین مانگە
فرمێسکی چاوی ڕەشی شەو دەسترێتەوە
گیانی هەورەکان لە ڕووباری ئاسمان دەشواتەوە
ماردین سروشتە
هەزاران پەپوولەی ڕەنگاوڕەنگ
دەکەونە سەر دەست و ناو کۆشیەوە



## ماسی

ئاسمانێک بووی
درەختە سەوزەکانی دەستم

لە دامێنی کراسە شینەکەت نەدەبونەوە
سیمات گەواڵەیەک بوو
چۆلەکەکان
ئاویان لە دەمتدا دەمژی
دەهاتی و چیمەنە سەوزەکەی زەوی
ئاوی بارانی دەخواردەوە
ماسییەکانیش
لە دەوری پارچەی تیشکی چاوت
کۆببوونەوە
ئەمشەو هاتم
سەتڵێکی پڕ لە ئەستێرەم لە بەر دەرگای
ماڵتان هەڵڕشت
بۆ ئەوەی هەرکاتێ بێیت و بڕۆی
پێیان لێ بنێیت
بە خەبەربێمەوە

## شێرە بەفرینە

سێوە لا سوورەیەک بووم
بە دەست کچە باخەوانێکەوە
بە دەم سووکە گازەوە
وەک پێکەنینی چاوەکانی
ناوکە قاوەییەکانم کەوتنە سەر زەوی
هەناسەی بووە خۆر
چووە گیانمەوە
کاتێ بووم بە نەمام
بەژنی ئەوم گرتەخۆ
ئەویش بۆ هەتا هەتایە
وەک من گۆنای سوور بوو
لە شەوێکی سارد دا

سەربازەکان
ئەویان هەڵوەراند
منیشیان کردە سەربزۆتی ئاگرێکی گەورە
ئیتر لەو کاتەوە
نە من باڵای ئەوم ما
نە ئەویش سوورایی گۆنای
ماچم دەکرد
جوانەگای ئێوارە
لە دۆڵەکەی ئەو دیوی گوند
هاتە ناو باخی ڕۆژ
گشت گیا زیونییەکانی خوارد
ئاو لە چاوە ڕەشەکانی ئێوارە دەزا
ئەو ژنەی لە درەخت دەچوو
چارۆگەکەی پڕ کرد بوو لە خەیار
نەمامەکانیش
وەک منداڵانی هاروهاج
لە یاڵێکی بەرزەوە
خۆریان خزاندە ناو گۆمی مەنگی ئاسمانەوە
تۆم لە ناو دنیایەکی سپیدا بینی
دەستی خۆرت ڕادەکێشا
دوور دەکەوتیتەوە
منیش هێدی هێدی
بە دواتدا دەبووم بە بەفر
هەموو ئێوارەیەک
کۆترێک ڕۆحم بە جێدێڵێ
ڕۆژی دێ
لە پەنجەرە سەردەردێنێ
گیانم بووە بە شێرە بەفرینە و چاوەکانم نەماون



ئەوکاتە دێی
دەست بە سەرمدا دێنیت
گیانی بەفرینم لە باوەش دەگری
نایەڵی هەرەس بێنێت

## یاری ئەستێرە

خۆر گوڵە حاجیلەیە
دوو دەستی گەواڵەیەک
پەڕەکانی لێ دەکردنەوە
دوا پەڕەکانی خۆر و چاوەکانم کەوتنە ناو ڕووبارێک
کە بە شەو مانگ مەلەی تێدا دەکرد
دەستم لە قژی بەیان دەئاڵاند
ئەستێرەیەک لە سەر سینگم بوو
یاری بە گوێم دەکرد
کە لە خەو هەستام
چاوەکانم هەڵفڕین
ئەستێرەکەش چوو بۆ یاری

## گیان شاردنەوە

بۆ پەپوولەی باڵات
وا خۆم دەڕوێنم ئاشنای خاکیبم
دەبم بە تەڵاشە بەردێکی بچکۆلانە
فرمێسک بۆ زەوی هەڵدەڕێژم
من ناوچەوانی بەردێکی ڕەشم
چەندین جار لە بەر تریفەی مانگەشەودا
لێوم بۆ گەندەمووی گۆنات هێناوە
بارانی گشت وەرزەکان پێیان لە ناوچەوانم ناوە
لە ڕاگوێزان دێتەوە یادت
لەگەڵ نەمامەکاندا

دامێنی کراسەکەتمان لە خاک دەشووشتەوە
لە ناو ڕووباری گیانتدا چاوەکانم دەکردەوە
بە پەنجەکانم لمی گیانتم هەڵدەدا
تا ئەلبوومی پڕ لە گوڵ و پەپوولەکانم بدۆزمەوە
کاری سووکە شەپۆلێک لە خەونم دەکات
لەگەڵ وردە چەوەکاندا
بۆ کەناری چاوەکانتم دەباتەوە
من بەربوومەتەوە ناو ئەم دنیایە
تا جێم بکەیتەوە و گیانی بچکۆلانەمت لا بشارمەوە

## ئاو وەک هەموو شتێک

ئاو لە ناو گەواڵەکاندا نووستووە
ئاو لە ڕووبارێکدا پێدەکەنێ
گیانی درەختەکان بە کەفەوە خۆی ڕادەوەشێنێت
یاریگەی منداڵەکان بوو بە چاڵە ئاو
ڕەوێک باڵندە و ئاژەڵە کێوی ئاوی تێدا دەخۆنەوە
کراسەکەی یولیا بوو بە ئاو
ئاو دەڕوا و ماندوو دەبێت و دەگری
پاشان پشوو دەدا و سووکە خەوێک دەکات
ئەو کەسەی خۆشم دەوێ بوو بە ئاو
بیرم لە ئاو کردەوە لەسەریان بوو
دڵم کەوتە ناو ئاو
گیانم هەمووی بوو بە ئاو
دنیا ڕەنگی ئاوی گرتووە
بۆیە وا سەیر و سەمەرە و پڕ سەرسامی هەڵکەوتووە

## دابەشکردن

کاتێ مانگ بەردەبێتەوە
بەر پەنجەرەکەی ماڵی بەیان دەکەوێ


وەک چۆلەکەیەک پەڕەکانی هەڵدەوەرێ
دوێنێ پێنج شەممە بوو
دوو دڵۆپ باران و ئەستێرەیەکی
کراس سووری چکۆلە بزربوون
منداڵان یارییان دەکرد
ملوانکەیەکیش لە گیرفانمدا بوو
کاتێ بەیان بانگم دەکات
ڕەوە چۆلەکەکانی ئێوارە
کراسی سێبەریان
بە سەر درەختەکاندا دابەش دەکرد

## ئاو خواردنەوەی کۆترێک

بە بن ئاسمانێکی پڕ لە هەوردا
مەلێک
دوای تەرمی سەرشانی درەختەکان کەوتبوو
مەلێک جریکاندی
ئەرکە ماڵئاوایی لە مردوو
بە بن ئاسمانێکی ڕووندا
مەلێک
دوای چەند هەورێکی بەختەوەر کەوتبوو
کە بە درێژایی ڕێگادا دەتریقانەوە و پێدەکەنین
مەلێک جریکاندنی
خەراپە بەشداریکردن لە بەختەوەری
ئاە من حەز لە باوەشکردنی گیانی
گەرمی ڕووناکی و ناسکی تاریکیش دەکەم
ئەی ئەو کەسەی ناوت بەیانە
دوور نییە ماسیبیت
یان دار سێو
با لە خوار قاچە ڕووناکەکانتەوە

سەیرت بکەم
سەیری ئەو شوێنەی کە
قاچەکانت لێی کۆتایی دێت
ئەو شوێنەی بە شەو لە مۆمێکی داگیرساو دەچێت
بە ڕۆژیش لە مراوییەکی ڕەش
تۆ لە کوێیت
لە بەر تاقی کڵێسە
یان لە سەر منارەی مزگەوت
یان لە سەر دیواری قەڵای جادووگەرانی
لە هەر کوێ بیت
دێم و لەبەر ڕووناکیت دادەنیشم
لەگەڵ مەلی بوونتدا هەڵدەفڕم
ماچێکی بەکامی دڵبووم
ئەوە کلیلی ساردی دەرگای ژوورەکەم
فڕێ دەدەم
ئەویش دوا کتێبی سەر ڕەفەکەم
کە چیتر نایخوێنمەوە






## خەمی گۆشەیەکی تاریک

هەورەکان برین و کێمی قاچی ئاسمانن
بە گەڵای درەختەکان دەیسڕییەوە
بۆڵە ترێی ڕەشی قەد دارمێوەکانی
بەر بارانی پایز
دوا تنۆکە بارانیان لێ دەچۆڕێ
خۆریش وەک چۆلەکەیەک
بە دزییەوە دوا تنۆکە ئاوی
ناو چاڵە ئاوەکەی دەخواردەوە
نەمزانی کە زەوی دەسووڕێ
کوڕێکی پێست مسییە

له کچی ئاسمان دەگەڕێ
یان زەوی کچێکی قژ سەوزی لە هۆشخۆ چووە
ئاسمان وەک کوڕێکی ساوا
لە سەر ئەژنۆ دانیشتووە و بۆی هەراسانە
سەگەکان دوور لە ئارەزووی من
وەک هەرشتێک
چۆن ڕیشم دێ
چۆنیش نینۆکەکانم درێژ دەبن
ئەوانیش دەوەڕن و ڕێگا دەدۆزنەوە
لە بەر ئەوەی بەختەوەری ڕەنگی فافۆنی هەبوو
ڕۆژێک وەک کراسێک لە بەرم کرد
ڕۆژێکیش قاپیلکەیەک بوو
ئەو کات پیرێژنێک شۆربای تێدا دەخوارد
ئێستا مردووە
هەڵم گرت و فرێم دایە سەر زبڵخانەیەک
لە بەر ئەوە قاچەکانت ماچ دەکەم
لە بەر پێڵاوەکانم پیاسە بە سەر زەویدا دەکەم
لە بەر زگم نان دەخۆم
ئەی پشیلەی ناو قەد براوم
هەموو شەوێک ماڵئاوایی لەو شەوانە دەکەی
کە چۆن چاوە شینەکانت تێیدا دەبریسکانەوە
یان چرنووکت لە هاوەڵەکانی خۆت دەگرت
ماڵئاواییەک
کە گوڵی دەستی ڕاستم لە تۆی دەکات
لە سەر خۆڵی گۆڕی گیانم دەژاکێ و دەمرێ

## ئیلڤیس پرێسلی

منی پەمەیی و مێشە خۆڵەمێشییەکان
لە یەک پیاڵەدا مەی دەخۆینەوە

کە من بێم
ئەوان دەفڕن
کە ئەوان دێن
من دەڕۆم
ئا گیانی گیانە پاکەکەم
ئاسمان پەردەی ڕۆحی مردووەکانمانە
بە سەرماندا دادراوەتەوە
هەموو ڕۆژێ پێ بە سەر جەستەی
مردووەکاندا دەنێین و بە سەریاندا باز دەدەین
ئای بۆ هێلانەیەک لە ئاسماندا
چۆن بە سەر زەویدا بڕۆم
نەشتوانم ڕوو لە ئاسمان وەربگێڕم
لە ئاسمان زیزنیم و ناشتوانم زەوی جێبهێڵم
من و مێشە پەمەییەکان
لەگەڵ شەیتانی ڕەنگاوڕەنگی ڕۆح سپی
لە یەک پیاڵەدا دەخۆینەوە
گێژ و مەست دەسووڕێنەوە
بە ماچێک دێمەوە سەر سەما
ئاراستەیەک وەردەگرم
دەترسێم تۆ نەبی و خۆشەویستم ڕوو لە خوا کات
ڕوو لە بەرد و ڕوو لە خۆمیش
دەترسێم لە جیاتی تۆ
بەرد و چنگێک خۆڵ و ملوانکەیەک لە باوەش بگرم
ماچی دیوارێک بکەم و ڕووشم لە ئاو و ئاسن
لە هەمان پیاڵە من و گوڵی ناو گوڵدانەکەم
لەگەڵ مێشەکاندا دەخۆینەوە
بەشی تۆ ئەی هاوڕێیەکەم
ئیلڤیس پرێسلی دەهێڵمەوە



